# پێرست


ڕەخنەی ئەدەبی ........................................................ ١
ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ................................................ ١١
ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی ........................................... ٢٣
ڕەخنەی سەردەمی ڕێنیسانس .............................................. ٤٩
ڕەخنەی ڕۆمانسی ........................................................ ٥٧
ڕەخنەی شێوازگەرایی و دەقی ئەدەبی ...................................... ٦٣
چیرۆکی هونەری کوردی- سەرهەڵدان تا گۆڤاری گەلاوێژ ........................ ٧١
ناوەڕۆکی کۆمەلآیەتی لە چیرۆکی هونەری کوردیدا ............................ ٩٥
ڕۆڵی کەسایەتی و حەکایەتخوان لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی عەبدوڵلا سەراجدا ..... ١١٩
چەمك و ڕەگەزەکانی چیرۆکی منداڵاَن لە ئەدەبی کوردی ١٩٩١-٢٠٠٥ ........ ١٧٩
مێژووی شانۆی کوردی قۆناغی یەکەم ...................................... ٢٣١
شیعری نوێی کوردی ..................................................... ٢٥٧
زمانی شیعری نوێی کوردی ١٩٥٠-١٩٧٠ .................................... ٢٧٥
دەروازەیەك بۆ دەروونشیکاری و پراکتیزەکردنی لە (هەڵبەستی پەشیمان)دا ...... ٣٤٥
ڕەخنەی ئەدەبی لە گۆڤاری (هیوا) دا ...................................... ٣٥٥

**پێشکەشکردن**

**بۆ:**

- ئەو رەخنەگرانەی لە پێناو بەرز راگرتنی بەها مرۆڤایەتییەکاندا ماندوون.
- ئەو کتێبانەی لێیانەوە فێربووم.
- بۆ دایکی (تابلۆ)، کە قەرزاری خۆشەویستیم.

**نووسەر**



# دەسپێك

لە کۆنەوە لە شارستانییەتی کۆنی گریك و رۆمانەوە، دواتر بە پێی گۆڕانی مێژوویی و پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتی و هاتنەکایەی چەندین رێباز و ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەی جوداواز، هەمیشە لە هەر دەور و زەمانێکدا رەخنە رۆڵێکی کارای لە بەرەو پێشەوە چوونی ئەو بیر و بۆچوونانەدا بینیووە و رێگە خۆشکەریش بووە لە بەردەم بیری جیاواز و ئاسانکاریی بۆ مۆدێرنێتەو خاڵی وەرچەرخان بووە لە رەوتی ئەپستمۆلۆژیادا.

(رەخنەی ئەدەبی)یش هەر بەو پێودانگە و بە هەمان ئەو رۆڵە کاریگەرە لە رەگاژۆ بوون و کامڵبوونی دیدی جوانتر و ستاتیکییانەتر بۆ کردەی هونەر و ئەدەبیات پێشەنگ بووە و دەبێت.ئەگەر سەرنجێکی وردی مێژووی هونەر و ئەدەبیاتی جیهانی بدەین، رەخنەگرە گەورەکانی وەکو ئیفلاتوون و ئەرستۆ و هۆراس و فیلیب سدنی و بوالۆ و سانت بێف و تین و ریچاردسن و قدامە بن جعفر و تەها حوسێن و بدیع الزمان فروزانفر و د.عبدالحسین زرینکوب و د.شفیع کدکنی و ئەمانەو گەلێکی دی لە ئەدەبیاتی نەتەوەیی خۆیان و لە ئەدەبی بەراوردکاری و ئاشناکردنی ئەدەبیاتی جیهانیدا رۆڵیان ناتوانرێ لەبەرچاو نەگیرێ.

لە ئەدەبی کوردیشدا لە لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، هەوڵەکانی ئەمین فەیزی بەگ و سیاپۆش و شێخ نوری و رەفیق حلمی و سەجادی و.. هتد بوونەتە بەردەوام بوون و ئاشناکردنی ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان و شیکردنەوەو راڤەکردنی هونەرەکانی رەوانبێژی و جوانکاریی سەنعەتی شیعریی لای شاعیرە کۆنەکان و دیاریکرنی هۆکارەکانی تازەبوونەوەی ئەدەبیاتی کوردی.

ئەم چەند لاپەڕەیەش بەشدارییەکی خاکەڕاییە لەو رێگەیە و خزمەتێکیشە بۆ شاگردەکانم بە ئومێدی ئەوەی سوودی لێ ببینن.

**د. هیمداد**
**٢٠٠٧/٧/١**

**ئیضاحاتەوە وا دەر ئەکەویٚ کە واسیتەی ئیفهام (تیٚ گەیاندن)پیٚنج نەوعە بەلاٚم قیسمیٚکیان بە عەمەل دیٚت و بەعزیٚکیان بە عەمەل نایٚت، مەسەلەن قووەی ذائقە هەرچەند یەکیٚکە لە وەسائیتی ئیفهام بەلاٚم ئەو خزمەتەی کە ئەیبینیٚ ئەوەندە ناقص و ناتەواوە هیچ وەقتیٚ بۆ واسیتەی ئیفهام ئیستعمال ناکریٚ.ئینسان ئەو وەسائیتە کە بۆ تیٚگەیاندنی مەرام ئیستعمالی ئەکا دوو نەوعە واسیتەی سەمعیە، واسیتەی بصریە.بە تەعبیریٚکی تر لیسانی سەمعی (زبانی گویٚ)، لیسانی بەصەری(زبانی چاو)، ئەو دەنگەی کە لە دەمان دیٚتە دەرەوە لەبەر ئەوەی کە دەلالەت لە زۆر ئەفکاری موختەلیفە ئەکات واسیتەیەکی ئیفهامی زۆر واسیع و موکەممەلە.دیسان هەر ئەم دەنگە کە لە دەمان دیٚتە دەرەوەو بە ئەشکالی موختەلیفە ئەنووسریٚ ئەمیش واسیتەییٚکی ئیفهامی زۆر سەهلە، کەوابوو واسیتەی ئیفهام هەم سەمعی و هەم بەصەرییە مع مافیە بۆ کەرٍ ولالیٚك واسیتەی ئیفهام بە تەنیا چاوە بناء علیە ئەم واسیتە ناقصە لە تاریکیا هیچ بە عەمەل نایٚت، کەوابوو واسیتەی ئیفهام کە زبانە لەبەرئەوەی کە کە هەم سەمعی و هەم بەصەرییە بۆ هەموو نەوعە ئیحتیاجاتی ئیفهامیەی ئیٚمە کافیە. م.نوری)**[٤٠١]

پاشان لە رۆژنامەی ژیان و گۆڤارەکانی (زاری کرمانجی) و (دیاری لاوان) و (یادگاری لاوان) دا ژمارەیەك وتاری رەخنەیی سادە بلاٚو کراونەتەوە، کە رێگە خۆشکەر بوون بۆ هەنگاوی جددی و راستەقینە بۆ گەشەکردنی رەخنەی ئەدەبی کوردی.[٤٠٢]

قۆناغی گۆڤاری (گەلاویٚژ)، قۆناغیٚکی پیٚشکەوتووترەو بەحوکمی کۆبوونەوەی رووناکبیرانی ئەو سەردەمە لە دەوری گۆڤارەکەدا، چەندین گفتوگۆی رەخنەیی بەسوود لە خزمەتی شیعری کوردیدا دروستبوو، تەنانەت هەندیٚکیان ململانیٚ و رق و هەڵچوونی زۆریان پیٚوەدیارە.[٤٠٣]

لە رووی زۆری بەرهەمی ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبیشەوە دووبارە بە هۆی دریٚژی تەمەنی گۆڤارەکەوە (١٩٣٩ - ١٩٤٩ز) دەتوانریٚ هەوڵەکانی گۆڤاری (گەلاویٚژ) بەسەرەتاو بنەمایەکی بەسوود و زیٚرین دابنریٚ بۆ دانانی بناغەی رەخنەی زانستیی کوردی لە بواری شیعری کوردیدا،

401: م.نوری، ادبیات کوردی ١٥ اسلوب چیە؟رۆژنامەی ژیان، ژ ٣٩، س١، ٢٨ تشرین الاول، ١٩٢٦ل ١.

402: دەربارەی ئەو وتارە رەخنەییانە بڕوانە: محمد دلیٚر امین محمد رۆڵی گۆڤاری گەلاویٚژ لە گەشەسەندن و پیٚشخستنی ئەدەبی کوردیدا، (نامەی ماجستیٚر)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولیٚر، ١٩٨٩، ل١٦٣-١٦٥.

403: بۆ وتارە رەخنەییەکانی گۆڤاری گەلاویٚژ، بڕوانە: سەرچاوەی پیٚشوو، ل١٦٥-١٧٩.



بەتایبەتی زنجیرە وتارەکانی مامۆستا رەفیق حیلمی، کە پاشان هەر لەو قۆناغەدا (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) بەچاپ گەیاند.[٤٠٤]

ئەگەر (گەلاویٚژ) هەوڵە رەخنەییەکانی تەرخانکرد بۆ شیعری کوردی، ئەوا گۆڤاری (هیوا) یش تەواوکەری گۆڤاری (گەلاویٚژ)ەو ئەم لە بواری رەخنەی چیرۆکدا دەست پیٚشکەر بوو و لە ریٚگەی کردنەوەی دەرگای رەخنەی چیرۆك و وتاردا، چیرۆکی هونەری و تەکنیکی تازەی بە چیرۆکنووسان ناساندا هەر لە ژمارەکانی هەوەڵەوە هەڵسوریٚنەرانی گۆڤارەکە پەرۆشی رەخنەی ئەدەبی بنیاتنەر بوون و بەمەبەستی بەرەو پیٚشبردنی ئەدەبی کوردی دەرگای رەخنەیان کردەوە، چونکە زۆر چاك لەوە گەیشتبوون، رەخنە رۆشن کەرەوەی ریٚگای بیری راستەو هەوڵ دەدات کەم و کوڕی لایەنی سەرکەوتوویی و رادەی داهیٚنانی هونەرەکانی ئەدەب دەربخات.

لە ژمارە (٢)ی گۆڤارەکەدا هاتووە: (ئەوەی کەم و کوڕی لە ناو بەریٚت، تەنها، هەر رەخنە گرتنە؟! بەلاٚم، کام رەخنە؟! ئەو رەخنەیەی، کەلەدڵیٚکی پاکی دڵسۆزانەوە، هەڵ ئەقولیٚت و چرای دوا رۆژی ئامانجی ئەم گۆڤارە هەڵ ئەگریٚت.

بەڵیٚ چەن جوانە! کە لەدڵی تەنگ و چەڵەمەو ناتەواوی ژیانی کۆمەلاٚیەتیمانەوە شالاٚو بینیٚت، نەك هەر شویٚن خەیاڵ کەوین دەست خەرۆی خۆپەرستن بین).[٤٠٥]

پاشان دەستەی نووسەران رووی دەم لە خویٚنەران دەکەن و دەڵیٚن: (ئاشکرایە کەبەبیٚ لیٚکۆڵینەوەو رەخنەو راویٚژ، هیچ کاریٚك ناگاتە ئەنجام و کەڵکیٚکی ئەوتۆی نابیٚت، ئەدەبیش لەم بارەیەوە بگرە لە هەموو فەرمانیٚکی تر، پتر پیٚویستی بەلیٚکۆڵینەوەو رەخنە هەیە. چونکە ئەدەب ژیانەو ژیانیش هەموو شتیٚکەو دەبیٚ بەوردی و هوشیارانە بژین و دووربین لەهەڵەوە).[٤٠٦]

لە ریٚگەی ئەو گۆشانەی گۆڤارەکەوە بۆ رەخنەی ئەدەبی والاٚی کردبوو، ژمارەیەك شاعیر و چیرۆکنووس و نووسەری دیار بەشداری گفتوگۆکانیان کردووە، بەتایبەتی لەو کارە پیرۆزەی، کە گۆڤارەکە دوای دەرچوونی هەر ژمارەیەکی، کەسانی پسپۆرو شارەزای هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی

404: رەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، مطبعة التفیض، بغداد، ١٩٤١، بەرگی دووەمی لە١٩٥٦ چاپکراوە. پاشان لەساڵی ١٩٨٨ هەردوو بەرگ پیٚکەوە لە هەولیٚر، بەپیٚشەکییەکی د. عیزەدین مستەفا رەسول چاپکرایەوە.

405: لیٚکۆڵینەوە، گ؛ هیوا، ژ٧، س١، ل٧٨.

406: لیٚکۆڵینەوە، گ؛ هیوا، ژ٧، س١، ل٧٨.

